# ئەو هزرمەندە بێسوودە

نووسینی: Anders Olsson ❊

و. لە سوێدییەوە: هەندرێن

لە 2ی دیسێمبەری 1987دا نامەیەکم لە ژاک دێریدا پێگەیشت، ئەو لەو نامەیەدا سوپاسی من دەکا بۆ کتێبی"ئەو دەقە نەناسراوە"ی کە لە زستانی 1987 دا چاپمکرد و بۆ یەکەم جاریش بوو کە لە شێوەی کتێبدا هزری ئەو بە خوێنەری سوێدی پێشکەش بکرێت.

بەڵام کە من باسی ئەو نامەیەی دێریدا دەکەم هەر تەنیا بۆ بە بیرهێنانەوەی مێژوو نیە. بە راشکاوی بڵێم نامەکە سەرسامی کردم، نەک لەبەر ئەوەی چونکە دێریدا دەڵێ کە ئەو هەوڵیدا بە هۆی دەقێکەوە "رێگایەک بگرێتەبەر" ، ئەو دەقەش بە زمانێک نووسراوە کە بۆ ئەو نامۆ بوو. دێریدا ئەو دەقە لەگەڵ شیعرێکی چکۆڵە دەنێرێت، کە بە قەڵەم پەندانی مەرەکەب نووسرابوو، هەروا مێژووی 2ی دیسێمبەری 1987ی لەسەر تۆمار کرا بوو. شیعرەکە زۆر کورتە و بە شێوەی زمانێکی ئاسان خۆی دەنوێنێت کە پیتی بەرایی پەیڤەکان بە گەورەیی نووسراون و  جارێکی تریش بە تۆخکراوی نووسراونەتەوە. دەستپێکی وشەکان بە وێنەی E, L, N و  S وەک چەشنە کۆدێک دەستپێدەکەن، بەڵام من نەمتوانی ناوەڕۆکەکانیان شیبکەمەوە. من تا ئەمڕۆ نەمهێشت ئەم شیعرە بڵاوبکرێتەوە، چونکە هەرگیز شوێنێکی گونجاوم بۆ ئەم شیعرە نەدۆزیەوە. دڵنیام کە دێریداش شیعری تری نەنووسیووە. هەر چۆنێک بێت ئەو لە نامەکەی دواتری کە بۆی ناردم نووسیبووی کە چۆنت پێخۆشە وا لەگەڵ دەقەکە مامەڵە بکە. شیعرەکە بەمجۆرەیە:

**Encore aime**

**de main**

**Le trait qui dans le jour**

**Passè**

**N’aura**

**Même pas ètè d’une promesse-**

**Sauvè**


Encore aimer
de main
Le trait qui dans le jour
passé
N'aura
même pas été d'une promesse -
Sauvé



دەکرێ وەرگێڕانەکەی ئەوها بێت:

**کە بەردەوام ئەڤینداری بکەی**

**بە دەست**

**وەک سیمای ئەو رۆژەی**

**کە بەسەرچوو**

**تەنانەت نە**

**پەیمانی _ ئازادبوونێک**

**هات**

بەمجۆرە ئەم شیعرە باس لە سەرکەوتنی نووسین دەکا، کە بریتیە لەوەی لە رێگای چالاکی دەستەوە ئەشق ئاراستەی ئەو کەسایەتیەی رابردوو بکرێت، کە پێویست ناکات گوێ بە رێکخستنی پەیمان بدات. سەرەڕای ئەمەش لەگەڵ ئەو جوڵانەوەیەدا بە نێو کاتی هەنووکە، رابردوو و دەرفەتێکدا بەڵام نەک ئایندەیەکی بانگکراو، رزگار بوونێک دێتە ئاراوە. ئەمەش بە پرۆسەی نووسین دەچێت، رەنگە زۆرینەی نووسەرانیش ئەو بارەیان بە یاد بێتەوە. هەڵبەت ئەوەی کە وادەکات ئەو گۆڕانە لەو شیعرە سادە ئاڵۆزە، هەروا زۆر دێریدە ئاسایە رووبدات، دوو شتە. یەکەمیان دێڕی دووەمی "de main"ە، کە بە لێکجوودا کراوەیی نووسراوە و هەڵبەت مانای "بە دەست" دەگەیەنێت. بەڵام کاتێ مرۆڤ بەهۆی لێکچوونی دەنگەکان پێکەوە بیخوێنێتەوە، پەیڤی "demain" دەبێتە " بەیانی" لە دۆخێکی وادا ئاراستەی سەرتاپای شیعرەکە بەرەو پێشەوە، رووەو رێکخستنی پەیمانەکە رێدەکات، کە هێشتا نیشانەی لێ نەگیرابوو.

ئەوەی کە زیاتر وادەکات ئەو دووانە روون و ئاشکرایە ئامادە بێت ئەوە کرداری "sauve "ی کۆتایی کۆپلە شیعرەکەیە، کە هاوکات دەکرێ مانای "رزگار بوون" بگەیەنێت، هەروا دەکرێ پەیوەندی بە سیما،"le trait" ی هوە هەبێت، بە هەمان شێوەش پەیوەندی بە منی نووسینەوە هەبێت. لەو بارەدا نووسین بە دیمەنی رزگار بوون دەچێت، کە بە واتای والتەر بێنیامین ئەوە ئەرکی رەخنەگرە ئەو کارە ئەنجامبدات. ئەو بە ئاوڕدانەوە بەرەو رابردوو پاشماوەی پارچە وردەکان بۆ ئایندەیەکی بەرێوە دەرباز دەکات. رەنگە پەیمانەکە لەوەی پێشوودا ئامادە نەبووبێت، وەلێ گەر ئەوە لە شێوەی نەرێتی بگوترێت _ "تەنانەت نە" _ پێویستیە گرینگ و شیانی گەڕانەوەکان نیشاندەدا. روانینی دێریدا بۆ زمان زۆر نزیکە لە

بێنیامین، هەروا نزیکە لەو تێڕوانینەی ئەو کە پێی وایە زمان بە بەردەوامی لە مێژوودا کاریگەری هەیە. بەمجۆرە پێویستە من وەرگێڕانەکەی خۆم دووبارە بکەمەوە:

**کە بەیانی بەردەوام**

**ئەڤیندار بیت**

**وەک سیمای ئەو رۆژەدا**

**کە بەسەرچوو**

**تەنانەت نە**

**پەیمانی _ ئازادبوونێکیش**

**هات**

لێرە ئەوە سیمای رابردووە کە بە نووسین ئازاد بوو. شیعرەکە مەبەستێکە شیعریەتێک لە خۆی هەڵدەگرێت. رەنگە ئەو شیعرە وەک شیعر هێندە تایبەت نەبێت، بەڵام ئاماژە بە شتێک دەکا کە زۆر جار هەمیشە کە مرۆ لەسەر دێردا دەئاخڤێت فەرامۆشدەکرێت. من ئەمرۆ خوێندمەوە کە خەڵک لە ئەمریکادا لەسەر کێ دەبێتە میراتگری دوای دێردیدا شەڕیانە. ئایا ئەو بەڕاستی فەیلەسوفێکی گرینگ بوو؟ دێریدا هەمیشە هزرمەندێک بوو لەناو گفتوگۆیەکان ئامادە بوو، ئەمەش ئەوی رێزدار کرد. بەڵام ئەوەی کە دەبێ بگوترێت ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوەگەریی/deconstrction هەرگیز مێتودێک نەبووە کە دەقی ئەدەبی بخوێنێتەوە، بگرە جۆرە تیۆرییەکیش نەبووە. بەڵکە وەک هزرکردنەوەیەکی هەندێک بێسوود خۆی نیشاندا، بەڵام وێڕای بێسوودییەکەی ئەرکێکی گرینگی هەبوو ئەویش پەنجە درێژکردن بوو بۆ سەر سنوورەکانی ئەو سیستەم و هەرارکیانەی، کە لە کولتوری ئێمەدا دەسەڵاتدار بوون.

هەڵوەشاندنەوەگەریی لە بری ئەوە تیۆری و مێتود بێت، بەڵکە وەک خوڵقاندن (creation) دەهزرێ، هەلبەتە فەیلەسوفانێکی زۆر خۆیان بۆ ئەو پرسیارە تەرخان نەکردووە. هێراکلێتۆس/Herakleitos، هێگل، نیتشە، هەروا هایدگەریش ئەو کارەیان کرد، بەڵام گەر مرۆ وەک بوون بهزرێ ئەوکات سەخت دەبێت کە وشەی "هەم/is " بەکار بێنێت. ئەمەش رەنگە باشترین شرۆڤەکردن بێت لە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەگەییدا. دێریدا جارێک نووسی کە

هەڵوەشاندنەوەگەریی "ئەوەی کە روودەدا"، لەمەش راشکاوتر "ئەوەی کە ئەمڕۆ روودەدا". ئەوەی کە روودەدات و ئەوەی کە دەبێ بە بوون/creates، گەورەترە لەو هەبوو؛ هەیە/is.

با بگەڕێمەوە بۆ خودی ئەو شیعرەی کە دێریدا بۆی ناردبووم. رەنگە ئەو کۆدە دەکرێ وەک شتێک کە "لە روودانە/happening"، خودی خوڵقاندن/creation بخوێنرێتەوە: ELNS لە "Elle naisse" دەچێت، "ئەو (Elle) دەزێ؛ منداڵی دەبێت". زمان، نووسین، شیعر، واقیع، ئەوانە هەموویان لە زمانی فەرەنسیدا راناوی مێینەن: ژنێک منداڵی دەبێت؛ دەزێ (واتا لە کاتی ئێستادا روودەدات، و.کوردی) ...

---

⁕ **Anders Olsson**، پرۆفیسۆرە لە زانستی ئەدەب، لە زانکۆی ستۆکهۆلم.

## تێبینی:

شایەنی باسە، ئەندەش ئولسۆن ئەم وتارەی بە بۆنەی کۆچی دوایی ژاک دێردا نووسیوە و لە بەشی کولتوری رۆژنامەی رۆژانەی Dagens nyheter، 17 ئۆکتۆبەری 2004 دا بڵاویکردۆتەوە. دەخوازم بڵێم، هەندێک لە پێشەکی نووسەرم پشتگوێخست، چونکە باس لەو زانیاریانە دەکا، کە کەی و چۆن هزری دێریدا بە خوێنەری سوێدی ئاشناکرا. وەرگێڕانی ئەو دەقە لای منەوە پەیوەندی نیە بەوەی کە چۆن ئەو نووسەرە سوێدییە ستایش و سەرەخۆشی خۆی بۆ دێریدا نووسیوە، بەڵکە ئەو وەرگێڕانەی من دەگەڕێتەوە بۆ شیعرەکەی دێریدا و خوێندنەوەی ئەو نووسەرە سوێدییە. واتا حەزم کرد لە رێگای ئەو وەرگێڕانەوە ئەو یارییەی کە لە نێوان فەلسەفاندی شیعر و شیعراندنی فەلسەفەوە لەو دەقەدا ئامادەیە بگوازمەوە ناو زمانی کوردی. بە واتایەکی تر، حەزم کرد، بۆ چێژی خۆم، بە زمانی نووسین ئەو دەقە بخوێنمەوە و دواجاریش پێشکەشی ئەو خوێنەرانە بکەم رەنگە(؟!) ئەوانیش، بە هەمان چەشن، یان بە چەشنێکی جیاواز، چێژی لێوەر بگر. دەبا ئەوەش جەغتبکەمەوە کە من لە نووسین و وەرگێڕانی ئەمجۆرە دەقانەدا، بێجگە لە چەند خوێنەری "نەناسراو" و نووسەری "نەبینراو"، خوێنەرگەل و نووسەرگەلە "ناسراو" و "بینراو"ەکان لە زەین ناگرم. چونکە ئەمڕۆ ئەو خوینەر/نووسەرگەلە، لەناو ئەو گەرەلاوژەی نووسینی کوردیدا، کە لێوان لێوە لە لاساییکردنەوە و کاسبی ــ حیزبچیەتی؛ وێرای خەنی خۆشی لە گوتنەوەی گوتراوەکاندا، کە بەناوی "نوێگەری" و نووسەرانی "لێهاتوو و داهێنەر" لە "ئاهەنگ" و "فیستیڤاڵەکان" "نمایشدەکرێن، سەرگێژن بە دوای سەرژمێری خوێنەرانیان و "جەماوەراندنی" نووسین و زمانیان.